کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
13-11-2007 16:53بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

**بەلاغی کۆتایی کۆنفرانسی سێیەمی پارتی نیشتمانی کوردستان - PNK**

ڕۆژی 9\11\2007 لە هۆڵی ڕۆشنبیری هەولێری پایتەختی کوردستان کۆنفرانسی سێیەمی پارتمان (پارتی نیشتمانی کوردستان - PNK) لەژێر دروشمی (ڕێکخستنێکی تۆکمە و کوردستانێکی ئازاد و دیموکرات) بە ئامادەبوونی (108) ئەندامی کۆنفرانس کە لە نوێنەرانی ڕێکخستنەکانی (هەولێر، سۆران، سلێمانی، کەرکووك، پشتدەر، بیتوێن، مەخمور، خانەقین و شار و شارۆچکەکانی دیکەی کوردستان) پێکهاتبوو کۆنفرانسی سێیەمی خۆی گرێدا.

دەسپێکی کۆنفرانس بە دەقیقەیەك وەستان بۆ گیانی پاکی شەهیدانی پارتمان و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری کوردستان دەستی بە کارەکان خۆی کرد. دواتر وتاری بنەماڵەی شەهیدان و وتاری لیژنەی ئامادەکار و وتاری کۆمیتەی ناوەندی خوێندرانەوە. دواتر ڕاپۆرتی سیاسی خوێنرایەوە و بە گفتوگۆیەکی چڕ و بە ڕەخنە و پێشنیاری ئەندامانی کۆنفرانس دەوڵەمەند کراو دواتریش پەسند کرا. لە دواییدا پەیڕەو و پرۆگرامی پارتمان خرایە بەردەم ئەندامانی کۆنفرانس ئەویش بە هەمان شێوە دوای گفتوگۆی ئەندامان پەسند کرا.

سەبارەت بە ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان، کۆنفرانس ئەزموونی دیموکراتی باشووری کوردستانی بە ئەزموونێکی سەرکەوتوو لە قەڵەم داو دەسەڵاتی سیاسی کوردستانی بە دەسەڵاتێکی سەرکەوتوو دانا و پشتیوانی تەواویشی بۆ سەرخستن و چەسپاندنی ئەو دەسەڵاتە و دامودەزگای دەستوری و شەرعی و پەرلەمان و حکومەتی کوردستانی دووپات کردەوە و بە ئەرکی خۆی زانی کە بە هەموو هێز و توانای خۆی پشتیوانی لەم دەستکەوتانەی باشووری کوردستان بکات. سەبارەت بە هەڕەشەکانی داگیرکەرانی کوردستان بەتایبەت بڕیاری ئەم دواییەی پەرلەمانی تورکیا کە ڕێگا بە سوپای تورکیا دەدات دەخالەت لە باشووری کوردستان بکەن بە بیانووی لێدانی پێگەکانی PKK کۆنفرانس ئەو بڕیارەی پەرلەمانی تورکیای پڕۆتستۆ کرد و پێی وابوو هاتنی سوپای تورکیا بۆ کوردستانی ئازاد نەك بۆ لێدانی PKK یە، بەڵکو بۆ تێکدانی ڕەوشی ئارامی کوردستانەو بە تایبەت شکست پێ هێنانی جێبەجێ کردنی ماددەی 140 کە وادەی جێبەجێ کردنی نزیك بۆتەوە، بۆیە کۆنفرانس ئەوەی دووپات کردووە کە پارتمان ئامادەیی هەموو جۆرە خەبات و قوربانیدانێکی بە پێویست زانی.

سەبارەت بە گۆڕینی ناوی پارتمان لە PKRK بۆ پارتی نیشتمانی کوردستان PNK کۆنفرانس ئەو بڕیارەی بە پێویست زانی چونکە لە کوردستان یاسا بەرقەرارە و ناشکرێت دوو پارتی سیاسی لەژێر یەك ناودا کار بکەن.

کۆنفرانس تەئکیدی لەوە کردووە کە پارتمان لەسەر ڕێبازی فیکری و ئایدیای سیاسی خۆی بەردەوام دەبێت تا گەیشتنی گەلەکەمان لە ڕزگاری نیشتمانی و پێکهێنانی دەوڵەت و کیانی سەربەخۆ و کۆمەڵگەیەکی ئازاد و دیموکرات.

لە دوا بڕگەی کۆنفرانس بە ئامادەبوونی دادوەر و نوێنەری پارێزگاری هەولێر دەرگای خۆپاڵاوتن کرایەوە و بەشێوەیەکی نهێنی پرۆسەی هەڵبژاردن دەستی پێکرد و 12 ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردران و بۆ ڕۆژی دواتر کۆمیتەی ناوەندی یەکەم کۆبوونەوەی خۆی ئەنجامدا و سکرتێر و مەکتەبی سیاسی هەڵبژارد.

نەمری و سەربەرزی بۆ شەهیدانی کوردستان
بێتەدی سەربەخۆیی، دیموکراسی، کۆمەڵگەی مەدەنی
بژی کورد، بژی کوردستان

**کۆمیتەی ناوەندی**

**پارتی نیشتمانی کوردستان - PNK**

هەولێر – باشووری کوردستان
2007\11\10

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.